## ناساندنی پرۆگرامێک

### پرۆگرامی Acoustica Beatcraft تایبەت بە دانانی ئاواز

دانانی ئاواز و مۆسیقا توێژی گەنجان و تازە لاوان زۆر خوازیارینی، بەتایبەتی ئەوانەی لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان دەخوێنن. ئەمرۆکە بە داهێنانـــی کۆمپیوتەر و پرۆگرامـــی جۆراوجۆری ئاواز دانان ئەو کارە زۆر ئاســـانتر لە رابردوو جێبەجـــێ دەبێ. ئەمرۆکە زۆر لـــە ئاوازدانەران یان تەنانەت ئەوانەی کە ئۆگرانی بە مۆســـیقی هەیـــە خەریکی دانانی ئاوازدانانن، لـــەو پرۆگرامە جۆراوجۆرانە سوود وەردەگرن کە بۆ ئەم مەبەستە داندراون. تەنانەت بەهۆی ئەو



پرۆگرامانە ئاوازی زۆر باشیش داندراون کە باشتر بووە لە ئاوازی ئامێرەکانی مۆسیقی.

لێـــرەدا پرۆگرامێکتان پێدەناســـێنن کە لە راســـتیدا پرۆگرامێکی یارمەتیدەرە بۆ ئاوازدانەران.

Beatcraft نـــاوی ئـــەو پرۆگرامەیـــە کە بەهـــۆی ئەوەوە بەکارهێنـــەران دەتوانن ئاوازی پێ دابنێن. ئـــەو پرۆگرامە زۆرتر تایبەتە بە مۆســـیقای جاز. بە رواڵەت گرافیکییەکەی زۆر جوانە تەنانـــەت بەکارهێنەری ســـەرەتایش دەتوانن بە ئاســـانی ئاوازی پێدابنێن. بە سەرنجدان بەو توانایەی کە هەیەتی بۆ بەکارهێنەرانی شارەزاش سوودی زۆرە.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆگرامە دەکرێ ئاماژە بەوانە بکرێ.

- سوود وەرگرتن لە دەنگ لە دانانی ئاهەنگدا.
- زیاتر لە سەد دەنگی پەیوەندداربە شێوازی rap، jazz، hip hop، rock، dance. لە پرۆگرامدا.
- توانایەکی زۆر لە میکس و ئاوێتەکردنی دەنگەکان.
- ئامرازی تێست کردن و تاقیکاری دەنگ.
- توانای رێکخستنی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئاواز.
- دانانی ئیفکێتی دەنگی لەسەر دەنگەکان.
- سوود وەرگرتن لە فایلە دەنگییەکانی وەك: OGG، WAV، MP3، WMA لە پرۆگرامدا.



## کیبۆردێکی تایبەت بە ناردنی کورتە پەیام

کاردنی کورتە پەیام واتە SMS بۆتە خووی زۆر لە گەنجانی ئەم هەرێمە، لە وڵاتانی دیکەش وەزعەکە لێرە باشتر نییە، دەکرێ بڵێین ئەم خووە سەرتاســـەری جیهانی تەنیوەتەوە، بەڵام گرفتێك لە ناردنی کورتەنامەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کیبۆردەکەی مۆبایـــل ئەوەنـــدە بچووکە و لە چەنـــد دوگمەیەکیش زیاتر تێناپەڕێ، هەربۆیە بۆ نووسینی کورتە نامەیەك ماوەیەکی پێدەچـــێ، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل بۆ چارەسەر ئەم گرفتە کیبۆردێکی تایبەتیان بە کورتە نامە واتە SMS داهێناوە، کێبۆردی creʌtxt راستەوخۆ بە کۆمپیوتەرەوە پەیوەنـــد دەدرێ و زۆر وەك کیبۆردی مۆبایل دەچێت، توانایی ئەو کیبۆردە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم دەستەواژانەی کە بەکارهێنەر بەکاردیان دێنێ لەخۆیدا خەزن دەکات و بۆخۆشـــی فەرهەنگێکی تێدایە.

## مۆبایلی LG قەپێلکی لە دارە

کۆمپانیای LG بۆ ئەوەی کە مۆدێلی نوێی Shine کە بەناوبانگترین مۆبایلی LGیە لەوانی دیکە جیاوازی هەبێ، قەپێلکەکەی لەدار دروست کردووە. ئەو مۆبایلە کە بە Wood ib ٢٥٠٠h ناسراوە لەگەڵ ئەوەیدا مۆبایلە، وەك تەلەڤزیۆنێکی دیجیتالیش سوودی لێوەردەگیرێ. شاشەکەی ٢/٢ ئینجە، کامێرایەکەی دوو میگاپیکسلە. دیارە توانای ئەو مۆبایلە بە بەراورد بە مۆبایلی دیکە زۆرکەمە، تەنیا ئەوەندە کە لە قەپێلکەکەی لەدارە، سەیر لەوەدایە هەر بەمهۆیەوە کڕیارێکی زۆریشی هەیە.




## بچووکترین ئەداپتەری بلۆتوس



ئەداپتـــەر ئامێرێکـــە کە کارەبا بـــۆ کۆمپیوتەر یان مۆبایل یان هەر ئامێرێکی دیکـــەی ئەلکترۆنـــی رادەگوێـــزێ، نوێتریـــن ئەداپتەر هاتۆتە بەرهەم کە سیستەمی بلۆتوسی هەیە و نوێترین ئەداپتەری ئەم سەردەمەیە. ئەم ئەداپتەرە بەرادەیەك بچووکە کە تەنیا ٧ ملم لە پێش لاپتۆپەکە دادەنـــدرێ، بەکارهێنەران دەتوانـــن بـــە دانانی ئەو ئەداپتەرە لەسەر پۆرتێکی USB ئامێرەکانی خاوەن سیســـتەمی بلۆتۆســـیان ســـوود وەربگرن. بەهۆی ئەو سیســـتەمەوە دەکرێ بەکارهێنـــەران لە ماوس و سپیکەری بلۆتوس سوود وەربگرن یابـــە خێرایی و ئاسانی زانیاری و وێنەکان لە مۆبایلەوە بۆ کۆمپیوتەر بگوازنەوە.




# مۆبایلەکەتان بە جلەکانتان شەحن بکەنەوە



شەحنکردنەوەی مۆبایل و ئامرازەکانی دیکە پێویستیان بە شەحن کردنەوە بە کارەبا هەیە، بۆ پسپۆرانی تەکنەلۆژی بۆتە گرفتێکی سەرەکی، هەموو هەوڵ و تەقەلایەك لە ئارادایە، کە ئەو ئامرانە کە وزەیەکی ئەوتۆیان پێویست نییە، بە کارەبا شەحن نەکرێنەوە، بۆیە شەحنکردنەوەی مۆبایل بە خۆر و بە ئاو خەریکە جێگای وزەی کارەبا بگرنەوە، لەم ماوەیەدا زانایان هەوڵیان داوە مۆبایل بە جوڵەی خاوەن مۆبایلەکە شەحن بکەنەوە. ئەویش مۆبایل یان ئامێرێك کە پێویستی بە شەحن کردنەوەیە لە جلی خاوەنەکەی دادەنرێ و وزەکە لە جوڵەی خاوەنەکەی وەردەگرێ، بۆ ئەم مەبەستی جلی تایبەتی دروستکراون کە لە سێ بەش پێکهاتوون، بەشێکیان وایەری گەیەنەر وەك بەشێك لە باتری، ئامرازێکی بەهێزکەری وزە بە جموجوڵ، سیستەمێکی کۆنترۆڵ کردنی وزە بۆ وزە بەخشین بە ئامێرەکان. کاتێك یەکێك ئەو جلە دەپۆشێ بەهۆی جوڵەی کە دەیکەیت وزە بەرهەم دێت ئەو وزەیە دەکرێ جارێکی دیکە باتری شەحن بکاتەوە.

# کورتە پەیام ((SMS گەیشتە تەمەنی ١٥ ساڵی



لە رۆژی سێیەمی دیسامبەری ساڵی ١٩٩٢ ئەندازیارێکی بەریتانی یەکەم کورتە پەیامی بۆ مۆبایل بەرێ کرد، ئەو کورتە پەیامە بریتی بوو دەستەواژەی (کریسمێست پیرۆز). ئەندازیارە بەریتانیایە کە بەهۆی ئەوکورتە پەیامە پیرۆزبایی سەری ساڵی لە هاوکارانی خۆی کە لە کۆمپانیای Vodafone کاریان دەکرد نارد. ئەوە یەکەم کورتە پەیامە لە مێژووی مۆبایلدا.

لە راستیدا کورتە پەیامی (کریسمست پیرۆز) کە "نیل پاپ ورت" وەك کورتە پەیامێك ناردی، دەکرێ وەك یەکەم کورتە پەیام دابنێین و خاوەنەکەشی بە یەکەم داهێنەری کورتەپەیام بزانین.

ئەو سەردەمەی کە ئەندازیارەکە ئەو کورتە پەیامەی نارد، مۆبایل ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوو، سیستەمی "GSM" تەنیا لە چەند وڵاتی ئەورووپیدا هەبوو، ئەویش لەتاقیکاریدا بوو. مۆبایلەکانیش زۆر وەك تەلەفۆنی بێ وایەر دەچوون، قەوارە گەورە و کێش گران. ئەندازیاری ناوبراو کورتە پەیامەکەی خۆی لە کۆمپیوتەرەوە بۆ مۆبایل نارد، هەربۆیە چەند گومانێك هەیە ئایا دەکرێ ناوبراو وەك داهێنەری کورتە پەیام دابنێین، لەکاتێکدا ئەو لە مۆبایلەوە بۆ مۆبایل کورتە پەیامی نەناردووە، بەڵام هەرچۆنێك بێ بیرۆکەکە هەر هی ناوبراوە. لە راستیدا چەند مانگ دواتر، واتە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ فینلەندییەك بەناوی "ریکوپیکانن" بەسوود وەرگرتن لە مۆبایلی نۆکیا یەکەمین کورتە پەیامی لە مۆبایلێکەوە بۆ مۆبایلێك نارد. ئەو خزمەتگوزارییە دوای چەند ساڵ بوو بەیەکێك لە خزمەتگوزارییە بەرچاوەکانی مۆبایل.





# چ بکرێ باتری لاپتۆپ شەحنەکەی زوو دانەبەزێ

لە ژمارەی رابردوودا باسمان لە زیندوو کردنەوەی باترییە مردووەکان کردبوو. لێرەدا باس لەوە دەکەین کە چ بکەین باتری لاپتۆپ زوو دانەبەزێ و کاراییەکەی زیاتر بێ. بۆ ئەمە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە وەبەرچاو بگرن.

• هەرچەندە درایڤەکانی لاپتۆپ بە باشی رێك بخرێن، پێویستییەکی کەمتریان بە وزە هەیە، رێکخستن و defrag کردنی هارد، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر تەمەنی باتری.

• کەمکردنەوەی رووناکی شاشەی لاپتۆپ دەتوانێ تەمەنی باتری بۆ چەند خولەکێك بەرێتە سەرێ. هەندێك لە لاپتۆپەکان پرۆگرامی رێکخستنی CPU و فێنکردنەوەی تێدایە، ئەو رێکخستنە رۆڵێکی بەرچاو دەگێرێ لە بردنە سەری تەمەنی باتری.

• پرۆگرامەکانی وەك itunes شەحنی باتری دادەبەزێنن، ئەگەر لاپتۆپەکەتان لە کارەبادا نییەو دەبێ کەڵك لە باتری وەربگرن، پێویست دەکات ئەو پرۆگرامە و پرۆگرامەکانی هاوشێوەی ئەو دابخرێن.

• ئەو ئامرازانەی کە بە پۆرتی USB دەبەسترێنەوە، وەك ماوس، هەروەها سوود وەرگرتن لە wi-fi باتری لاپتۆپ دادەبەزێنێ، هەروەك سوود وەرگرتن لە بلۆتۆس لە مۆبایل باتری دادەبەزێنێ.

• یەکێك لە رێگا کاریگەرییەکانی بردنە سەری تەمەنی باتری، زیادکردنی RAM، هەرچەندە RAMی سیستەم زۆرتر بێ، پێویستی کەمتر بە هارد دەبێ، ئەوەش دەبێتە هۆی بردنە سەری باتری.

• وزەی پێویست بۆ وەگەڕخستنی cd و DVD زۆر زیاتر لە هارددیسك، تەنانەت ئەگەر ئەکتیڤیش نەبن، لەبری سوود وەرگرتن لەو درایڤانە پێویستە لە هاردی مەجازی و پرۆگرامی وەك ٪١٢٠Alcohol سوود وەربگیرێ.

• ئەو بەشانەی باتری کە ئەرکی گەیاندنی وزەیان پێسپێردراوە، ئەگەر پاك رابگیرێن، باشتر کاردەکەن، خاوێنکردنەوەی ئەو پارچانە بە سوود وەرگرتن لە پارچەیەکی نەرم و هەندێك سپرتۆ گەیەنەری باتری دەباتە سەر.

• ئەگەر زۆر لە رادەی پێویست سوود لە باتری وەردەگری، تەمەنی باتری کەم دەبێتەوە، هەروەها ئەگەر ماوەیەکی زۆر لە باتری سوود وەرنەگری، لە ماوەیەکی دووردرێژدا باتری تووشی گرفت دەبێت. باتری لانی کەم دەبێ مانگێ جارێك سوودی لێوەربگیرێ.



• لە لاپتۆپەکاندا لەبری standby کردن لە Hibernation سوود وەربگرە، کوژانەوەی لاپتۆپی بەشێوەی hibernation دەبێتە هۆی ئەوەی سەختە ئامرازەکان لە کارەبا وزە وەرنەگرن.

• کارکردی لاپتۆپ بە لە خوارێ بوونی گەرمی پارچەکانی کۆمپیوتەر دەچێتە سەر. یەکێك لەو رێگایانە کەمکردنەوەی گەرمای پارچەکانی ناو لاپتۆپە. خاوێن راگرتنی بەردەوامی ئەو کەلێنانەی کە هەوایان پێداهاتووچۆ دەکات پێویستە.

• لە بەشی Power Options لە کۆنترۆڵ پەنێڵ ویندۆزدا دەتوانێ رێکخستنی پەیوەند بە وزەی لاپتۆپ بۆخۆی رێك بخات، بۆ سوود وەرگرتن زیاتر لە شەحنی باتری، فرمانی Max Battery هەڵبژێرە.

• پرۆگرامەکانی ئۆفیس وەك word و Excel خۆیان ئۆتۆماتیکی خەزن دەکەن. ئەو توانایە بۆ کۆمپیوتەری سەرمێز کە راستەوخۆ کارەبا وەردەگرن و باترییان نییە، توانایەکی زۆر باشە و گرفتی سڕینەوەی زانیاری لەکاتی پچڕانی کارەبا تا رادەیەك کەم دەکاتەوە، بەڵام کۆمپیوتەری لاپتۆپ کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەکارەبا دەخرێ، ئەگەر وزەی کارەباش نەمێنێ لە باتری سوود وەردەگرێ، هەربۆیە پێویست ناکات خەزنی ئۆتۆماتیکی بۆ لاپتۆپ هەبێ، خەزنی ئۆتۆماتیکیش تارادەیەك درایڤەکان بەخۆیەوە خەریك دەکات.



• هەرچەندە زیاتر لە کارتی گرافیکی سیستەم سوود وەربگیرێ، وزەی زیاتری دەوێت، ئەو پرۆگرامانەی کە گرافیکەکەیان زۆر لەسەرێیە، ئەگەری هەیە شەحنی باترییەکە کە بەشی ٣ کاتژمێر دەکات، لە ماوەی نیو کاتژمێردا دایبەزێنن.

• دوا خاڵ ئەوەیە کە هەموو باترییەکی لاپتۆپ زۆر بە گەرمایی هەستیارن، بۆ بردنەسەری تەمەنی باتری تارادەیەکی زۆر لە گەرما دووری بخەنەوە.